**ئیسلامییەکان بەهەموو هێزێکی خۆیانەوە هاتنە سەر شەقامو دژی نوسین وەستانەوە, بەئیعترافی خۆشیان بەم کارەیان
گەورەترین هەڵەیان کردووە, دۆراندنی سەرەکی لە کێشەکەی مندا هەڵەی
ئیسلامییەکان بوو نەک بردنەوەی ئازادیخوازەکان,
چونکە سنوور بۆ بردنەوەو دۆراندن لە ئازادی
رادەربڕیندا نییە, ئیسلامییەکان
لەرەفتاردا سەرکەوتووبوون,
بەڵام هەر بەم کارەیان
سەلماندیان لەفکرو
مەعریفەدا
دۆڕاون.**

**چاوپێکەوتن لەگەڵ
مەریوان هەڵەبجەیی.
ئامادەکردنی
گۆران هەڵەبجەیی
بەشی سێهەم**




وێنەی ئیسلامییەکانی کوردستان
کەلە دژی ئازادی رادەربڕین بە شمشێرەوە بەشوێن ئازادیخوازاندا سەرگەردانن
(وێنەی خۆپێشاندانەکەی هەولێر دژ بە نوسەر مەریوان هەڵەبجەیی)

## پێشەکییەکی زۆر کورتی پێویست

ئەم چاوپێکەتنەی ئێستا بەڕێزتان دەیخوێننەوە پێشوەخت لە رۆژنامەی هاولاتی بلاوکراوەتەوە. بەلام بەداخەوە ستافی (هاولاتی) بە دەستکارییەوە بلاویان کردۆتەوە. بابەتەکە دەبوو لە چوار هەفتەدا بلاو بکرایەتەوە, چونکە درێژ بووەو ئەوەی دەخواست. لەیەکەم بەشیشدا کە لە ژمارە 291 لاپەڕە 14 بەرواری 2006/9/13 چوارشەممە بلاوکراوەتەوە نوسراوە ئەم چاوپێکەوتنە سێ بەشە, بەلام لە هەفتەی ئایندەیداو لە ژمارە 292دا دەڵێ ئەمە بەشی دووهەمەو کۆتاییەتی.

پاش وردبوونەوە بۆم دەرکەوت رۆژنامەی هاولاتی سەرجەم دیمانەکەی شێواندووە. لە ناوەڕۆکی نوسینەکەی دەرهێناوەو پرسیارو وەلامیشی تێدا بووە هەر بلاوی نەکردووەتەوە. ئەخلاقی رۆژنامەگەریش ئەوە دەخوازێت کە رۆژنامەی هاولاتی پێش ئەوەی بابەتەکە بلاو بکاتەوە پرس‌و رایەکی منی وەرگرتایەو رەزامەندی وەربگرتایە ئەوجا مافی خۆی بوو بلاوی بکردایەتەوە یان..نا.

لەبەر ئەوەی رۆژنامەی ناوبراو ئەم کارەی نەکردووەو سەربەخۆو لە خۆوە بابەتەکەی دەستکاری کردووەو منیش لەو گۆڕانکارییە بێئاگام, بۆ هەموو لایەك رایدەگەیەنم کە ئەو چاوپێکەوتنەی رۆژنامەی هاولاتی لە ژمارە 291 و 292 لاپەڕە 14 بلاویکردووەتەوەو ناوی من و مەریوان هەڵەبجەیی لەسەرە. بە کەموکوڕی دەدەینە قەڵەمو راو بۆچوونەکانی ئێمەی لە خۆ نەگرتووە بۆیە جارێکی تر لێرەدا بلاوی دەکەینەوە.

گۆران هەڵەبجەیی

## پێشەکی دیمانەکە

نووسەرێک لە ئەمریکا لەوتارێکیدا مەریوان هەڵەبجەیی شوبهاندبوو بە(سەلمان روشدی کورد) کەبەهۆی دووا کتێبییەوە [سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا] هەرایەکی مەزنی لە نێوەندە ئیسلامیەکانی کوردستاندا نایەوە، هاوکات مشتوومڕێکی گەرمیشی لە نێو ڕووناکبیراندا هێنایە ئاراوە، چ ئەوانەی هاوفکری بوون چ ئەوانەی دژی وەستانەوە، دۆخەکە بەوە گەیشت لەلایەن ڕەوتە ئیسلامیەکانەوە هەڕەشەی مەرگی لێبکرێت و خۆپیشاندانیش دژی ئەنجام بدرێت. لەلایەکی دیکەوە چەندین کەمپینی داکۆکی و قەڵەمی ئازادیخوازیش پشتگیریان لە مەریوان هەڵەبجەیی کرد. ئێستا ئەو بۆ پاراستنی ژیانی خۆی لە هەندەران دەژی، دوورکەوتنەوە لە وڵات نەبووە هۆی کەوتنی قەڵەمەکەی بەڵکو لەسەر ئینتەرنێت چەندین کۆڕی گرتووەو ئێستا سەرقاڵی پرۆژەیەکی نوێیە لەهەمان بواردا. بۆ تیشک خستنەسەر ڕەهەندەکانی ئەو تەنگەژەیەو شرۆفەکردنی هەندێک لایەنی دیکەو خوێندنەوەی خودی مەریوان بۆ پێگەو رەخنەی لە ئیسلام و ڕەوتەکانیان لەکوردستانداو قسەکردن لەمەر پرۆژە نوێکەی ئەم دیمانەیەکمان لەگەڵ سازکردو یەکسەر چووینە ناو پرسیارەکانەوە.. بەلام لەبەر زۆری بابەتەکە بە چەند بەشێك بلاوی دەکەینەوە

## بەشی سێهەم

**گۆران هەڵەبجەیی :** ئایا خیتابی دەسەلاتی کوردی جۆرە ئاوێتەیەکی نییە لەنێوان عەلمانییەت‌و ئاییندا کەهەندێك جار جیاکردنەوەی هێڵەکان ئاستەنگ بێت؟؟ بۆ نموونە دەسەلاتی کوردی بێدەسەلاتی خۆی لەئاست کێشەکەی تۆدا نیشاندا ئیتر چ ئومێدێك دەمێنێ کەئیدیعای عەلمانییەت دەکات هاوکات تواناى پاراستنی فەزای پێشڤەچوونی مەعریفیو عەلمانییەتی نییە؟! پێت وانییە لەئاست مەسەلەکەی تۆدا جۆرە تەنازولێکی بۆ رەوتە ئیسلامییەکان کردبێت؟

**تێبینی:**

لەبەر درێژی بابەتەکە لەبەشی دووهەمدا نیوەیمان بلاوکردەوە, لێرەدا نیوەکەی تری هەمان پرسیار بلاو دەکەینەوە.

**مەریوان هەڵەبجەیی : دەسەڵات موجامەلەی ئێرهابییەکان دەکات کەمێژوویان پڕە لەخوێن بەڵام ئامادە نییە گفتوگۆ لەگەڵ فایەق گوڵپیو پارتەکەی بکات کەلەلاپەڕەکانی ئەم حزبە نوێیەدا نەك سەربڕین بەڵکو وێنەی یەك چەقۆی تێدا نەکێشراوە,** ئەم ئاوێتەبوونە ئەگەرچی سەپاندنو ناچاریی کۆمەڵگایە بەڵام دەسەڵات لەبەردەمیدا بێتواناو نەزانە, لەشارەکاندا خۆیان مەڵاس داوەو قەزاو ناحیەو گوندەکانیان لەنەخشەی بیرکردنەوەی خۆیاندا سڕیوەتەوەو تەسلیمی ئیسلامییەکانیان کردووە ئەمەش ئەو ئامانجەیە کەئیسلامییەکان ئاوا کەبەئاسانی دەستگیریان بووە خوێنی لەپێناودا دەڕژن. حزبە سیاسییەکانی کورد تووشی نەخۆشی دەروونی بوون لەجۆری شیزۆفرینیا (الانفصام الشخصیه) دوێنێ دوژمنترین دوژمن بووەو ئەمڕۆ دۆسترین دۆستە, ساڵێك لەگەڵ ئیسلامییەکاندا شەڕ دەکاو بەلێشاو حزبۆکە دروست دەکاتو ساڵێکی دی دەستی لەمل ئیسلامییەکان دەئاڵێنێو دەکەوێتە وێزەی حزبۆکەکان..!! ئەمەش هەمان واقعییەتی مێژووی ئیسلامییەکانە لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەری خۆی.! **هەندێك لەسیاسیەکانمان بە قسەکردن خۆیان بەفریادرەسی چەوساوەکان دەزانن‌و لەژێرەوەش بەرەفتار جەللادن.!! ئەمەیە حەقیقەتی ئاوێتەبوونی خیتابی کوردی لەگەڵ ئیسلامییەکاندا چونکە لەئاوەزی ئەم پەروەردەیەیاندا هەڵگری ئەو ڕەفتارانەن کەئیسلامییەکان مومارەسەی دەکەن.**

لەبڵندگۆی میحرابی ڕاگەیاندنیانەوە لەلایەکەوە ئامۆژگاریمان دەکەن‌و لەلایەکی دیکەوە لەجێی چاکسازیو گۆڕینی سیستمی پەروەردە دێن باس لەگەندەڵی کۆمەڵگا دەکەن‌و تاکەکان خەتابار دەکەن نەك خۆیان‌و سیاسەتیان, بەوێنەی ئەو مەلایەی وەعزی خەڵکی دەدات کەسەریان کز بکەن‌و سەیری ژنی کەس نەکەن‌و پارەی زیادە وەرنەگرن چونکە چڵکی دەستە, کەچی خودی خۆی زۆرترین قسە دەکاو لەجیاتی یەك ژن چوار ریز دەکاو لەجیاتی یەك موچە وەربگرێ بەمارەکردن وەردەگرێ, تەڵاق وەردەگرێ, زەکات وەردەگرێ, مەولونامە وەردەگرێ, لەپرسەدا وەردەگرێ, لەسوڵحی عەشایەریدا وەردەگرێو دواتر دەڵێ (هژا من فچل ربی)و ئەویش کۆمەڵگا تاوانبار دەکات نەك خۆیان‌و ئاینیان. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە زۆر بەخراپی بەناو زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگادا شۆڕبۆتەوەو لەهەردوو خیتابەکەشدا تاك تاوانبارەو ئەنجامیش ئەوەیە هەموو توشی نەخۆشی کەرتە جودایی دەبن‌و لەجیاتی ئەوەی چەندین نەخۆشخانەی دەروونیشمان هەبێت یەك دانەمان هەیەو لەجیاتی یەك زیندانیش چەندین زیندانمان هەیە..! لەدەوڵەتە پێشکەوتووخوازو عەلمانییەکاندا زۆرترین تاوانبارە زیندانەکان ئەو دەسەڵاتدارانە بوون کەپێشتر لێپرسراوێتییان هەبوو, **لەدەوڵەتە ئایینیو ئیسلامییەکانیشدا زۆرترین تاوانبارە زیندانییەکان خەڵکی ڕەش‌و ڕووتن‌و بەشێوەیەکی شاز نەبێت باسی بەرپرسێکی بچوك ناکرێت**..!! ئایا ئەم بیرۆکەو ڕەفتارانە ئایینی نین؟؟ ئایا هەمان ئەو وێنەیە نییە کەمەلاکانمان لەمزگەتەکاندا لەلایەکەوە ئامۆژگاری ئیمانداران دەکەن‌و لەلایەکی دیکەشەوە نەهامەتیو سەرگەردانی دەدەنەوە بەرووی خەڵکیداو بەدۆزەخ زەندەقیان دەبەن..؟؟ **زۆربەی هەرەزۆری ئەو کەسانەی لەکۆمەڵگاکەماندا باس لەکۆمەڵگای مەدەنیو دیموکراتیو ئازادیو سەربەستی ژنان دەکەن خودی خۆیان سەرۆك عەشرەتن یان بیری خێڵایەتی مێشکی تەنیون..!! وەك مەلاکانی جاران لەزانکۆ مامۆستا هەبووە لەکۆلیجەکەیدا بەدەمانچەوە موحازەرەکەی وتووەتەوە, بەهەمان وێنەی مەلا کە بەدارحەیزەرانەکەیەوە ئەلحەمدی دەکرد بەمێشکی منداڵە بەریئەکاندا**..!! ئاوێتەبوون لەمة زیاتر ئەبآ ضی بیَت.؟! **وەك چۆن مەلاکانمان لەجیاتی ئەوەی لە مزگەوتەکاندا پێشنوێژی بکەن کەچی چەك‌و شمشێریان لەژێر بەرماڵەکاندا شاردۆتەوەو خەریکی داڕشتنی پیلانی شەڕی دەسەڵاتن بە هەمان شێوەش مەڵبەندو لقەکان‌و بەرپرسی دامودەزگاکانی حزبو دەوڵەت لەجیاتی سیاسە تمەدارو کەسی شیاو بیانبات بەڕێوە پڕاوپڕن لە پێشمەرگەی کۆن‌و شەڕکەر**..!! نموونە زۆرن‌و تەنها لەشێوەی قسەکردنی دەرەکیدا جیاوازن‌و لەرەفتاردا گەر بەجەستەش تێکەڵاو نەبووبن ئەوا بەبیرکرنەوە ئاوێتەی یەکن.

بۆ مەسەلەکەی منیش حەقیقەتێك هەیە گەرچی لای هەندێك تاڵە بەڵام وتنیو درکاندنی پێویستە, ئەویش ئەوەیە **بەلای منەوە لەکوردستاندا دەسەڵات تەنازولی بۆ ڕەوتە ئیسلامییەکان نەکردووە بەڵکو تەسلیم بەکۆمەڵگا بووە, تەسلیم بەواقعییەتێك بووە کەهەزار ساڵە بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا سەپاوە** و گەر وابزانین بەچەند ساڵێك دەتوانین لەژێر کاریگەرییەکانی دەرچین ئەوە بیرکردنەوەیەکی سەقەتە, بۆ نموونە **گەر هەر ئێستا یەك گروپی ئیسلامی لەناو کۆمەڵگاکەماندا نەمێنێتو بارەگاکانیان فڕێدرێنە زبڵدانی مێژووەوە بایی دوو سەد ساڵی دیکە مزگەوتمان هەیەو**

**بەدرێژایی ئەم دوو سەد ساڵەش نابینی دەسەڵاتێك جورئەتی ئەوە بكات یەك مزگەوت بڕوخێنێ مەگەر خۆی بڕوخێ..!!** ئەوەتا لەرانییە یەك كتێبخانەی تێدایە بەنیازن بیڕوخێنن بۆ ئەوەی ڕێستورانێك لەشوێن دروست بكەن, ئەگەر بۆ ئاوەدانكردنەوەو شارستانییەت ڕێستوران دروست دەكرێت دەبوو لەسەر پارچە زەوییەك دروستیان بكردایە یاخود مزگەوتێكیان بۆ بڕوخاندایە نەك شوێنی فكرو زانستو مەعریفەی بۆ تەخت بكەن. ئەمە چ دەستورو ڕێساو یاسایەكە كەلە مادە یاساییەكانی بەعسدا هاتووە هەر كەس مزگەوتێك دروست بكات لەكۆمەڵێك باجی دەخلو كەسابەت رزگاری دەبێت؟؟ جا كەئەم یاسایە تا ئێستا بەرقەرار بووە ئەدی بۆچی لەبەرامبەریدا یاسایەك نەبوو بڵێ هەر كەس كتێبخانەیەك یاخود نەخۆشخانەو قوتابخانەیەك دروست بكات نیوەی باجی لێدەسەنین؟؟ هەروەها نابینی دەقێك پەراوێز بكرێ مەگەر خۆی لەبەردەم گۆڕانكارییە شارستانییەكاندا لەبیربچێتەوە..!! هەموو شتەكان لەكۆمەڵگا ئیسلامییەكاندا موقەدەسن, پەڕۆی درەختی بەناو پیاوچاكانی ئیسلامیو پەڕۆی حزبەكان وەك یەك موقەدەسن, مەلاو عەمامەبەسەرو سەرۆك خێڵو سەرۆك حزب وەك یەك موقەدەسن, **لەراستیدا زۆر لەلام سەیرە بتەوێت گۆرانكاری نەوعی لەكۆمەڵگایەكدا دروست بكەیت كەهێشتا لەو كۆمەڵگایەدا سیواك بەكاردەهێنرێت، لەو باوەڕەدام گەر حوشتر لەناوچەكەماندا هەبوایە كەس سواری پاسی خەتەكان نەدەبوو كەهەتا پڕ نەبێت ناڕوات..!!** دەسەڵات لەكۆمەڵگایەكی ئاوادا دەژیو نابێت لەچاوی خۆمانەوە بڕوانینە گشتی, بیركردنەوەی نوخبە جیاوازە لەرەفتارو ئاكاری گشتی, من بۆ خۆم نازانم بەهەڵەدا دەچم یان..نا بەڵام شێوازی بەدەنگەوە هاتنی دەسەڵاتی حوكمەت بۆ كێشەكەی من جۆرێك لەجۆرەكان بەباشم داناوە, ئەمەش قسەی زۆری لەسەرەو رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەلەناو كێشەكەدا خودی خۆمی تێدا بوبێت, راستییەكەشی ئەوەیە كەلەدەروونمدا بەرگەی ئەو رووبەرووبونەوەیەم نەدەگرت خوێنی تێدا بڕژێ..!! پێموایە سیاسەتی كوردی ئاقلانەتر لەلوبنانو پاكستان جوانتر لەتونسو مەغریب مامەلەی لەگەڵ رووداوەكاندا كرد, چونكە لەوێ چەندان كەس خەڵتانی خوێن بوون, بەڵام لێرە خوێن لەپەنجەی كەس نەهات كەئەمە ئامانجی هەموومانە. مەبەستمە ئەوە بڵێم **گەر كەسێك ویستبێتی لەرێی كێشەوە بەهێز دەمكوتی ئیسلامییەكان بكات خوێندنەوەی بۆ بارودۆخەكە كورتی هەڵهێناوە,** بەتایبەتی یەكێتی نیشتمانی بەم ئەزموونەدا تێپەڕیوەو لەساڵی نەوەدەكاندا بەم قۆناغە تێپەڕی كردو ئەنجام سەدان كوژراوی بەرهەمهێنا, كەمن پێموایە هەڵەیەكی گەورەی كردووە, من دڵنیام گەر وەك ئێستا بیری لێبكردایەتەوەو بەیاساو ململانێی فكریو مومارەسەكردنی دیموكراتییەتی حەقیقی رووبەرووی ئیسلامییەكان ببوایەتەوە ئێستا زۆر لەقۆناغەكەی تێپەراندبوو. لەلایەكی دیكەوە سیاسەتی ئەوان پەیوەندی نییە بەهەڵچوونی دەرەكی, خوێندنەوەی لایەنە پۆزەتیڤەكانی ئەم رووداوە گەلێك لەسلبیاتەكانی زیاترن, بۆ نموونە ئەگەر چی ئیسلامییەكان لەرووی شێوازەوە لەبەرامبەر كتێبەكەی مندا سەركەوتووبوون, سەركەوتن بەو مانایەی توانیان هەموو شێوازەكانیان بەكاربهێنن, هەر لەرۆژنامەو تەلەفزیۆنو رادیۆوە تادەگاتە مزگەوتو خۆپێشاندانو هەڕەشەكردن, لەبەرامبەریشدا لەرووی فكرییەوە ئازادیخوازەكان بردیانەوە, **بۆ هەموو لایەك دەركەوت لە لایەكەوە ئیسلامییەكان وەڵامی زانستیو لۆژیكییان پێ نییەو پێشیان نابێتو توندوتیژیان بەكار هێناو لەمەو دواش بەكاری دەهێنن , لە لایەكی تریشەوە بۆ یەكەمینجار لەمێژووی فەرهەنگی كوردیدا ئازادیخوازەكان یەك دەستو یەك دەنگ وەڵامی ئیسلامییەكانیان دایەوەو نەیانهێشت مەرامی ئیسلامییەكان بگاتەجێ كە سەدان ساڵە پیادەی دەكەن.** رەنگە لەئێستادا رەنگدانەوەیەكی ئەوتۆ نەبینرێت بەڵام لەداهاتوودا سەركەوتنێكی فكری گەورە دەردەكەوێت. **ئیسلامییەكان بەهەموو هێزێكی خۆیانەوە هاتنە سەر شەقامو دژی نوسین وەستانەوە, بەئیعترافی خۆشیان بەم كارەیان گەورەترین هەڵەیان كردووە, دۆراندنی سەرەكی لە كێشەكەی مندا هەڵەی ئیسلامییەكان بوو نەك بردنەوەی ئازادیخوازەكان, چونكە سنوور بۆ بردنەوەو دۆراندن لە ئازادی رادەربڕیندا نییە, ئیسلامییەكان لەرەفتاردا سەركەوتووبوون, بەڵام هەر بەم كارەیان سەلماندیان لەفكرو مەعریفەدا دۆڕاون.**

**گۆران هەڵە بجەیی :**

**كاك مەریوان بە بۆچوونی تۆ لایەنێك, حزبێك, مەزهەبێك, لەلاوازیدا پەنا بۆ توندوتیژی دەبات یان لەبەهێزیدا!؟؟ یاخود ئەو بۆچوونە پەیوەندی بەسروشتی ئەو لایەنەوە هەیە کەئیرهاب دەکاتە ئامانجی؟؟**

**وەڵامی ئەم پرسیارە لە بەشی چوارهەمدا بڵاودەکرێتەوە**